# چۆن بوو هەموو کتێبەکانم نەسووتاند؟



ئەحمەد قادر سەعید

لەبەر گەلێك هۆکاری ئەو سەردەمەو نائارامییەکی زۆری ناوچەی پشدەر، کە لەئەنجامی ڕێکنەکەوتنی دانوستاندنی نێوان شۆڕش و حکومەت لەدوای ساڵەکانی ١٩٨٣ هاتە ئاراوە، ئەوکاتە ڕژێم لەدەرفەتێك دەگەڕاو، بواری جەنگە نەگریسەکەی لەگەڵ ئێراندا ڕێگەی بدات و هەلێکی بۆ هەڵکەوێ تا دەڤەری پشدەر بەشاری قەلادزێ و هەموو ئۆردوگا زۆرەملێکانی دەوروبەریشیەوە ڕاگوێزێ و ناوچەکە بکات بەچۆڵەوانی و دانیشتووانەکەشی ملکەچ بکات. دیارە ڕژێم لەو کارەیدا دەیویست گەلێك ئامانج بپێکێ، لەوانە کپکردنەوەی گیانی شۆڕشگێرییەتی خەڵکانی ناوچەکەو جەنجاڵکردنیان بەکاری لابەلای ئەوتۆ شتە بنچینەییەکانیان و خواستە مەزنەکانیان لەبیربچێتەوە، لەلایەك و لەلایەکی تریش ڕژێم دەیویست پەیوەندی خەڵکانی ناوچە سنووریەکان لەگەڵ خەڵکانی ناو شارەکان دابڕێ. بەتایبەتی دوای ئەو زنجیرە خۆپیشاندانەی لە قەلادزێ و دەوروبەری ڕوویاندا. بۆیە هەر کە ئاگری ئەو شەڕە نەگریسە لەبەرژەوەندی ڕژێمی بەعس خامۆشکراو جەنگ لەنێوان عێراق و ئێران کۆتایی هات، یەکەم پلان کە بەدەرفەتی زانی ڕاگواستنی ناوچەی پشدەر بوو بۆ ئۆردوگاکانی دەوروبەری سلێمانی و هەولێر.

بەندە بەر لەو ڕاگوێزانە لەسەر داوای هەندێك لە برادەران لەوانە شەهید مامۆستا محەمەد ئیسماعیل سوڵتان، کە ئەو کاتە بەرپرسی شانە نهێنییەکانی ناوخۆبوو لەدەرەوە کاری دەکرد، بڕیارمدا خۆم بگوازمەوە بۆ سلێمانی، سەرەتا هاتمە گوندی کەندەکەوەو لەدوایشدا گوازرامەوە بۆ قوتابخانەی کانی لەناو شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٨٦ کە من هاتمە سلێمانی لەناو کتێبخانەکەمدا کتێبی هەمەچەشنە هەبوو، کە تا ڕۆژی قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەناو گوێنی و کارتۆندا دامنابوون بەونیازەی ئەگەر بەتەواوی نیشتەجێ بووم لەناو کتێبخانەدا دایانبنێم ڕێکیانبخەمەوەو خۆشم بگەڕێمەوە ناو دنیای خوێندنەوەو نووسینەوە، کە هەتا ئەوکاتە لە بڕیاری قەدەغەبوونی هاتوچۆ بێ ئاگابووم و تەتەڵەی کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەم نەکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەمزانی ژمارەیەکی زۆر کتێب و بڵاوکراوەی دەرەوەو لە ڕژێم قاچاغیان تێدایەو هەرکامەشیان دەست ڕژێم بکەوێت قەستی سەرەو چارەنووسم لەناوبردن و کوشتنە، ئەی باشە بەم دەمودەستە لەو ماوە کورتەی من پێمزانی هەشت نۆ فەردە کتێب چۆن هەڵدەڕێژرێ و یاساغ و نایاساغ لەیەکتری چۆن جیادەکرێنەوە، سەرم لێشێوا، نەمدەزانی چی بکەم، بڕیارمدا ئەم هەڵاودێرنە بکەم، بەڵام هەرچۆن لێکمدەدایەوە لەو شەوەدا کە بۆ بەیانی قەدەغەبوونی هاتوچۆ بوو ئەم کارەم بۆنەدەکرا، هەرچۆن بوو دەمی یەك دوو فەردەم کردەوەو، هەر کتێبێك دەهاتە بەرچاوم قەدەغەبوو، هەر چۆن بۆم لوا هەندێك بڵاوکراوەم کۆکردەوەو هێنامنە بەردەم توونی حەمامەکە.. لەوکاتەدا دووچاری دڵەڕاوکێ بووم، بیرم دەکردەوە چۆن ئاگریان تێبەردەم، دڵم نەیدەهێنا ئەوکارە بکەم، هەتا یەکێك لەمنداڵەکان کەمێك نەوتی کرد بەسەریانداو ئاگری دان. ئاخر چی بکەین، ئەوە ڕژێمەو لەسەر بچووکترین بەڵگە ئامادەبوو هەر لەوجێیە گوللەبارانت بکات، سەد نەفرەت لەو ڕژێمەی ناچارت دەکات بەدەستی خۆت ئاگر لەهەناوی کتێبەکانت بەردەی و بیانکەیت بەخۆراکی ئاگر. بۆ دەبێ زادەی بیری نووسەرو ڕەخنەگر لێکۆڵیاران بەدەم شالاوی ئاگر دامرکێت و ببێت بەخۆڵەمێش و لەناو ببرێت. بەهەرحاڵ کە ئەو شەوە بەیانی لێدەرکەوت، ڕژێم لەڕێگای بلندگۆکانەوە ئاگاداری دانیشتووانی شاری کردەوە، کە کەس لەماڵی خۆی نەیەتە دەرەوەو جووڵە نەکات، بەردەوام فڕۆکەو هەلیکۆپتەرەکان بەئاسمانی شاردا لەهات و چۆکردندا بوون. هەر لەسەبەینێکی زووەوە، پیاوانی ڕژێم لە ئەمن و ئیستخبارات و سەربازو جەیش شەعبی دەستە دەستە ڕژانە ناو کوچەو کۆڵانەکان و بەسەر شەقامەکاندا بڵاوبوونەوە، پشکنینی ماڵ بەماڵ و خانوو بەخانوو دەستی پێکرد. ڕەشبگیری و ئەشکەنجەدان و کوشتن و ڕەمیکردن باڵی ڕەشی بەسەر شاردا کێشا. منیش کە لەو کاتەدا تازە هاتبوونە ناو شارو تا سنوورێك نەناس و بەشی زۆریش لە کتێبەکانم بە ڕژێمی نەدەخواست، چونکە لەو سەردەمەدا قەلادزێ و دەوروبەری بەلانکەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەهاتە هەژمارو بڵاوکراوەکانی شۆڕش زۆر زوو دەگەیشتنە ناو شارو بڵاودەکرانەوە، کتێبەکانی منیش زۆرێك لەو بڵاوکراوانەی تێدابوو. ئەوە وایکرد بەتەواوی دووچاری دڵەڕاوکێ ببم و هەستی مردن باڵ بەسەر بیرمدا بکێشێ و هەر ئەو بیرو لێکدانەوانە وایکرد خۆم باوێمە ناو کۆشی قەدەرەوە، هەر زوو ئەم بیرۆکەیە باڵی بەسەر لێکدانەوەکانی ترمدا کێشاو لە دەروونی خۆمدا بڕیارمدا لە مردن گەورەتریم،

> (چوومە نزیك کتێبەکان باوەشم بەگوێنیەکاندا کردو بە زمانی حاڵ پێم گوتن: قەدەر ئەمجارەش منیش و ئێوەشیان ڕزگار کرد، هیچ لامان بێ خاوەن نەماینەوە)

مردن چرکە ساتێکە دێ و تێدەپەڕێ، بۆیە ئەوەم هێنایە بەرچاوی خۆم کە پاش کەمێکی تر دەکوژرێم یان دەمرم، ئەمە بەتەواوی لە بیروهۆشمدا چەسپی کە دەمرم.. بابمرم. چونکە دڵم بەوە خۆشبوو ئەگەر لەو ڕووداوەشدا بمرم، یان فیشەك باران بکرێم، ئەوە دەبم بە شەهیدێك لە شەهیدەکانی قەڵەم، بۆیە ئامۆژگاری منداڵەکان و دایکیانم کرد، کە ئەو کاتە منداڵەکانم وردوبچووك بوون، پێم گوتن کەمنیان گرت نەشڵەژێن، هاوارو دادو بڕۆ نەکەن چونکە هاوار دادی کەسی نەداوە، لەناو ئەم بیرو ئاڵۆزی دەروونەدا بووین من مردنم لەسەر شانۆی ژیانمدا وەك پەیکەرێکی سپی بەدی کرد لە بەرامبەر دیدەکانمدا سەمایەکی سەرشێتانەی نمایش دەکرد. کاتەکانی بەیانی لەدوورونزیك دەبۆوە، لەناکاو کۆمەڵێك چەکدار بە بەرگی جەیشی شەعبییەوە خۆیان بەماڵەکەماندا کرد، لەپێشیانەوە پیاوێك کە کەمێك لە تەمەندا بوو بە دەمانچەی لەسەر پێوە دەهات، دەمانچە ڕووت، چەکی لەسەرپێ، نمایشی مردنیان کردە هەورێکی ڕەش و بارانی مەرگیان داباراندە سەر ڕۆحم. کە پیاوەی دەمانچە بەدەست لێم نزیك بۆوە سڵاوی لێکردم منیش وەڵامم دایەوەو بەعەرەبی وتم (من مامۆستام، بەم زووانە گوازراومەتەوە بۆ ئەو شارە) بەم چەند وتانە پیاوەکە هەڵوەستەیەکی کردو قسەی نەکرد، دوای کەمێك تێڕامان بە چەکدارەکانی بەردەستی گوت"أخونا معلم ابتعدوا عنه" ، من بەو قسەیە ئاهێکم بە بەردا هاتەوە، فێنکاییەك جەستەو گیانمی لە ئامێز گرت.."إبتعدوا عنه.." بۆمن بووە گەڕانەوەی ژیان.. خۆ کە نەیهێشت پیاوەکانی تر پەلاماری ژوورەکانمان بدەن بەتەواوی ئومێدم بە بەرداهاتەوە..

من ئەو کاتە هەر ئەوەندەم بۆ کرا بە کوردی گوتم "با کەمێك ئاوتان بۆ بهێنم، ئەویش بە لەسەر خۆیی و هێواشی بە کوردی گوتی"سوپاست دەکەین.." ، ئەوان گەڕانەوە دواوەو منیش تا نزیك دەرگا لەگەڵیان چووم، ئەم پیاوە کەمێك خۆی دواخست تا ئەوانەی لەگەڵی بوون چوونە دەرەوە، ئینجا بەهێواشی گوتی:"ترست نەبێ منیش مامۆستام.."

ئەوان ڕۆیشتن و منیش گەڕامەوە دواوە، چوومە نزیك کتێبەکان باوەشم بەگوێنیەکاندا کردو بە زمانی حاڵ پێم گوتن"قەدەر ئەمجارەش منیش و ئێوەشیان ڕزگار کرد، هیچ لامان بێ خاوەن نەماینەوە، خۆ ئەگەر ئەو پیاوە مامۆستا نەبوایەو ڕێزی بۆ پیشەکەی نەبوایەو ڕێگای دابا ماڵەکەم بپشکنن، ئەوە دڵنیابن هەردوولامان لە ژووانی یەکتری دادەبڕاین و چاومان بە دیداری یەکتری نەدەکەوتەوە"

ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە هەر چاوە چاوی ئەوە بووین کەسانی تر، یان کۆمەڵێکی دی خۆیان بە ماڵەکەماندا بکەن و مۆتەکەی مردنمان بۆ بهێننەوە پێش بەڵام سوپاس بۆ خوا کەسی تر نەهات و منیش لە ئێوارەدا هەر ئەوەندەم پێکرا لە بەردەم توونی گەرماوەکەدا دانیشتم و بەرامبەر گڵکۆی هەندێك لە بڵاوکراوەو کتێبە سووتاوەکانم دابمێنم و فرمێسکی حەسرەت بۆ ئەو کاتانە بڕێژم کە بوونە هۆکاری سووتانی ناخی وشەکان و نەفرەت بکەمە دوانیگای ئەو ڕژێمانەی وشە سەردەبڕن و قەڵەم ئاوارە دەکەن و بیر لە قەفەزدا بەند دەکەن و دەخوازن مرۆڤ بکەن بە کۆیلەو هەڵمەتی دەستی خۆیان.

> (لەو ماوە کورتەی من پێمزانی هەشت نۆ فەردە کتێب چۆن هەڵدەڕێژرێ و یاساغ و نایاساغ لەیەکتری چۆن جیادەکرێنەوە، سەرم لێشێوا، نەمدەزانی چی بکەم، بڕیارمدا ئەم هەڵاودێرنە بکەم)

## کتێبەکانی کتێبخانەکەم

د. فەرهاد پیربال

# نیگای شکاو



داریووش شایگان

لەشاری تولووز، ساڵی ١٩٩١، دەعوەتی ماڵێکی فەرەنسی بووم، ژنێك و دوو کچەکەی بوون، ژنە.. مامۆستای فەلسەفە بوو لە زانکۆی تولووز، کچەکانیشی: یەکێکیان لە (بانق)و ئەوی تر لە (مێژووی هونەر) دەخوێنند.

دوای نانخواردن، ژنە دەستی لە کووپی چایەکەی بەردا؛ هەستا چوو کتێبێکی هێناو پیشانی دام: "ئەمەیە ئەو کتێبەی لەسەر نانخواردن بۆتم باس دەکرد".

من کەوتمە وردبوونەوەی کتێبەکە؛ داریووش شایگان(Le Regard Mutulie نیگای شکاو). ئنجا بەرگی پشتەوەی کتێبەکەم سەیر کرد؛ وێنەی داریووش شایگانی بەسەرەوە بوو. ژنەکە گوتی:

– تەماشای وێنەی نووسەرەکەت کردووە؟ عەینەن پێغەمبەرێکە! تۆ چۆن ئەم نووسەرەی خۆتان ناناسیت؟!

مەبەستی لە وشەی(..خۆتان) ئەوە بوو کە منیش و نووسەرەکەش خاوەن هەمان مەڵبەندو کولتووری ڕۆژهەڵاتی بووین.

من ناوی داریووش شایگانم بیستبوو کە وەرگێڕی شیعرەکانی سوهراپی سپەهەرییە بۆ سەر فەرەنسی، بەڵام نەمدەزانی ڕۆشنفیکرێکی ئاوها مەزنیشە. ژنە قەڵەمێکی دەرهێناو شتێکی لەسەر لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە نووسی:

– من خوێندوومەتەوە..پێشکەش بەتۆی دەکەم. بیناسە!

داریووش شایگان لەو کتێبەیدا باسی فەرمانڕەوایەتیی هێزی ڕۆژئاواو بیری ئەوروپایی دەکات بەسەر ڕۆژهەڵاتەوە؛ کە چۆن هەر لەکۆنەوە، وڵاتانی ئەورووپا، بەهۆی کۆلۆنیالیزم و داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتەوە، یان بەهۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و سەربازی و ئابوورییەی خۆیانەوە، هەمیشە خۆیان بەرزتر ڕاگرتووە لەچاو ڕۆژهەڵاتییەکان.. هەروەها چۆن ئۆتۆماتیکیانە ئینسانی ئەوروپایی خۆیشی، خۆی بە پێشکەوتووترو مەزنتر دەزانێت لەچاو ئینسانی"نزم"و "دوواکەوتووی" ڕۆژهەڵاتی!

ئەمە وایکردووە مرۆڤی ڕۆژهەڵات، خۆی لەچاو مرۆڤی ئەورووپا بە کەمتر ببینێت.

لێرەوە، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی(نیگایەکی شکاو)ی هەیە لەهەمبەر مرۆڤی ئەورووپایی.

– ئینسانی ڕۆژئاوایی گرێی(خۆ بە گەورە زانیی) هەیە، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیش گرێی (خۆ بەکەم زانی).

لە وتارێکی جورج تەڕابیش لەبارەی (موسم الهجرة الى الشمال)ی الطیب صالح یان لەبارەی (عصفور من الشرق)ی توفیق الحكیم دەڵێ:

ڕۆژئاوا وەك ژنێك وێناکراوە، ڕۆژهەڵاتیش وەکو پیاوێك..ئەو پیاوە ڕۆژهەڵاتییەی دەیەوێ تۆڵەی خۆی بە سێکس لە ئەورووپای ژن بکاتەوە.

بەڵام بە بۆچوونی من:

واقیع بەتەواوەتی پێچەوانەی بۆچوونەکەی جۆرج تەڕابیشییە: ڕۆژئاوا ڕۆڵی پیاو، ڕۆژهەڵاتیش ڕۆڵی ژن دەبینێ! چونکە تا ئەمڕۆش، ڕۆژئاوا باڵادەست، ڕۆژهەڵاتیش لەژێرەوەو بێهێز.

کاتێ ئەم کتێبەی داریووش شایگانم خوێندەوە، جارێ هێشتا(ڕۆژهەڵاتناسی)یەکەی ئێدوارد سەعیدم نەخوێندبۆوە، یان وابزانم جارێ بڵاو نەکرابۆوە.

(نیگای شکاو)ی شایگان لە جەنگێکی ساردی گەورە ئاگاداری کردمەوە:

جەنگی نێوان کولتووری ئەورووپاو ڕۆژهەڵات، کە مرۆڤی ئەورووپای بەرزو ئازاد ڕاگرتووە؛ وایشی کردووە مرۆڤی ڕۆژهەڵات هەمیشە بچووك و بێ متمانەو دواکەوتوو بمێنێتەوە.